# لە یادی کۆچی دوایی هێمن دا:.
# هێمن شاعیری ڕاستەقینەو عاشقی گەورەی شیعر

**18ی نیسانی ئەمساڵ (16) بەهار بەسەر مەرگی شاعیری نیشتمان پەروەرو تێکۆشەری کورد (مامۆستا هێمن مەهابادی) تێپەڕی، ئەو شاعیرەی کە توانی بە شیعرەکانی خۆی جێی خۆی بکاتەوە لە نێو دیرۆکی شیعری کوردیدا.**
**هێمن ناسنامەیەك بوو بۆ شیعری کوردی یەکێك بوو لەو شاعیرە ناودارانەی ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنە گرانەی کوردی کە توانی لە ڕێگای شیعرو پەخشانەکانی خزمەتێکی گەورەی ئەدەبی کوردی بکا، ئەو تا لە ژیاندا مابوو هەموو کاتەکانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ شیعر نووسین و لایەنەکانی تری ئەدەبی کوردی جگە لە نووسین مامۆستا (هێمن) خەباتگێڕێکی تێکۆشەر بوو هەموو تەمەنی خۆی تەرخان کردبوو لەپێناو سەرکەوتنی گەلەکەی.**
**لە یادی کۆچی دوایی ئەم شاعیرە مەزنەی کورد چەند شاعیرێکمان بەسەرکردەوە تا دەربارەی ئەم شاعیرە نەمرە بدوێن.**

ئا/ زیاد کەریم

### هاشم سەراج:
### هێمنی شاعیر خاوەن ڕوحێکی لیریکی مەزن بوو

(هێمن)ی شاعیر خاوەنی ڕۆحێکی لیریکی مەزن بوو، ئەم لیریکییەتە تێکەڵی گیانی بووە، بۆیە هەست دەکەین لە دەقەکانیدا ئاگرێکی عیشق ئامێز لە میانی وشەکانەوە هەڵدەقوڵێو دەقەکان دەوڵەمەندن بە وشەی خۆرسکی کوردیو جۆرەها وێنەی شیعرییان دروست کردووە.
لە تێکستی (ناڵەی جوادیی)دا هەست دەکەین سوودی لە سروودی (نەی) (جەلالەددین ڕۆمی) وەرگرتوەو گیانێکی پڕ لە عیشقو سووتانو فیراقی بێ بەخشیوە، دەتوانم بڵێم مامۆستا هێمن دوای خۆی کۆمەڵە شیعرێکی مەزنی بەجێ هێشتو ڕەخنە کارەکان دەتوانن کاری لەسەر بکەنو کایەو کەناڵە جیاجیاکانی ڕاڤە بکەن.

### کەریم دەشتی:
### هێمن شاعیرێکی نەتەوە گەرای هێجگار مەزن بوو

هێمن شاعیرێکی نەتەوە گەرایی هێجگار مەزن بوو، وەك عاشقێکی گەورە شیعری دەنووسی، شیعرەکانی هێمن هەر بە تەنها جەستە نەبوو بەڵکو خوێن بوو هەمیشە لە شادەمارەکانی وجودی ئەودا بازرقەیان بوو.
ئەمرۆ کە یادی هێمن دەکرێتەوە، دەبێ ئەوە بزانین کە هێمن ژیانی خۆی کردە قوربانی ڕاستگۆیی شیعرەکانی، ئەو کاتانەی هێمن لە بەغدا بوو هەرچی کچو کوری قوتابی بەغدا بوو بە عەشقەوە دەچوونە زیارەتی مام (هێمن).
مام هێمن لەناو غوربەتێکی بێ وێنەی هەمیشەیی دەژیاو هەمیشە لە یادی نیشتمانەکەی بوو، هەمیشە گۆرانی بۆ خاكو نیشتمان دەچڕی بۆیە هێمن لای من شاعیرێکی ڕاستەقینە بوو کردارو ڕەفتاری لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرەکانی دابوو.

### عەباس عەبدوڵڵا یوسف:
### ناکرێ بڵێین (هێمن) لە هەموو ئانو زەمانێك ئامادە بوونی خۆی هەیە، بەڵام ئامادەبوونی هێمن لەوە دایە کە گەیشتووە بە ڕۆحی شیعر

هێمن دیاردەیەکی گەورەی شیعری بوو لە کوردستانی عێراق، ڕاستە (هێمن) موکریانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بەڵام ئەو ماوەیەی کە لە کوردستانی عێراق بوو، دیاردەیەکی دروست کرد کە دەتوانین ناوی بنێین دیاردەی (هێمن)ی.
بە سەدان کەس ناوی لە منداڵی خۆی نا (هێمن) بە دەیان دوکانو دەزگا ناویان هێمن بوو. هەر لە خۆشیو بەرزیو پیرۆزی ئەو ناوەوە بوو.
ئێستا ئێمە دەڵێین (هێمن) چ بوو؟
هێمن دوو لایەن بوو، وەك نووسین.
لایەنی شیعرو لایەنی پەخشان لایەنەکەی تریش جگە لە نووسین لایەنی خەبات بوو ئەوە دیارە خەباتگێڕێکی دیار بوو هەموو تەمەنی خۆی تەرخان کرد لەپێناو سەرکەوتنی میللەتی کورد ئێستا وەك شیعریش کامەیان دەست باڵاترە لە شیعر یان لە پەخشان، کە سەیری پەخشانەکانی دەکەی دەبینی ئەو پەخشانانە زۆر دانسقەو زۆر وردنو بە کوردییەکی زۆر ڕەوان نووسراون بە ڕادەیەك دەکرێن بە دەقێکی زۆر بەرزی پەخشان کە خەڵك لێیانەوە فێرە کوردی دەبێت، ئەمە لایەنی پەخشانەکانی بە نیسبەت شیعرەکانی وەك گوتم شیعرێکن ئەوانیش هەر بە ئیقاعێکی کوردانە نووسراون دوور لە کاریگەریەتی زمانی فارسی، هێمن توانی بە کوردییەکی زۆر پوختەو ڕێكو تاو جەرگی کوردەواری شتی خۆ بنووسی.
بۆیە دەتوانین بڵێین (نموونە بەرزەی زمانی کوردییە) لەوەوە خەڵك فێرە کوردی دەبن. ناکرێ بڵێین (هێمن) لە هەموو زەمانێكو ئانێك ئامادەبوونی خۆی هەیە، بەڵام ئامادەبوونی هێمن لەوەدایە کە گەیشتووە بە ڕۆحی شیعر ڕۆحی شیعریش لە لای (هێمن) بریتییە لە (ڕۆمانسییەت+ ڕیالیزم) واتە هەم ڕۆمانسیو هەم ڕیالیزمە ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە هەردوولای گرێداوە، لایەنی لیریکیو لایەنی ئاستی ڕۆژانەو خەباتی خەڵکەکە، هەروەها بە نیسبەت (هێمن) شتی تریش هەیە بگوترێ بە نیسبەت شیعرەکەی ئەو شیعرانە بە ئیقاعێکی فولکلۆری نووسراون زۆربەیان هەتا شیعرە درێژەکانیشی ئەوانەی کە ئیقاعیان درێژە لەوە ناچێ کە بە ئیقاعی (عەروزی) نووسرابن، ئەوانیش هەر لە ئیقاعی فولکلۆری نزیکن.
هێمن توانی جێی خۆی بکاتەوە لە نێو مێژووی شیعری کوردی، هەق وایە سمیناری تایبەت هەبێ بە (هێمن) هەروەها دراساتی ئەکادیمی.
هەر چەندە (هێمن) ئەو کاتەی لە ژیاندا مابوو پێی وابوو بەختیارە چونکە زۆری لەسەر نوسرابوو، بەڵام هێشتا پێویستە لەسەری بنووسرێ.



### ئیسماعیل بەرزنجی:
### هێمن لەو شاعیرانە بوو کە مساوەمەی لەسەر کێشەی میللەتی خۆی نەکرد

بۆ یەکەم جار کە کتێبی (تاریكو ڕوون)م خوێندەوە لە قۆناغی ئامادەیی بووم، ئەو ڕستەیەی (هێمن) ئێستاش لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە دەفەرمووێت (ئەگەر شاعیرییەتی بۆ من هیچ سوودێکی نەبەخشیبێ ئەو ناوە دوورو درێژەی لە کۆڵ کردومەتەوە (شێخ موحەمەدی شێخول ئیسلامی موکری).
هێمن یەکێك بوو لەو داهێنەرە کوردانەی، دەتوانم بڵێم نە نرخی خۆی دراوەتێ، نە بەو جۆرەش لێی کۆڵدراوەتەوە.
(هێمن)ی شاعیر توانی غوربەتو ئاوارەیی بە جۆرێکی وا ئاوێزانو تێکەڵی یەکتر بکا کە دەقی ئەفراندنی تێدا دروست بکات. زۆرن ئەو شاعیرانەی ئاوارە بوونە و دەربەدەر بوونە و کەوتۆنەتە وڵاتان شیعرەکانیان زیاتر لە سروشتی نەزمو هۆنینەوەیەو نەچوونەتە خانەی داهێنانەوە، بەڵام (هێمن) توانی غوربەتو سیاسەتو ئاوارە بوون هەمووی تێکەڵ بکات لە دەقی جوانیدا بیداتە دەست جەماوەرو بیداتە دەست میللەتەکەی خۆی (هێمن) لەو شاعیرانە بوو کە (مساومە)ی لەسەر کێشەی میللەتی خۆی نەکرد، تا توانی تا ڕۆژگارێ لە توانایدا هەبوو، گۆرانی بۆ ژیانو بۆ ئافرەتو بۆ جوانیو بۆ چینی چەوساوە گوت.
بێگومان باوەر ناکەم داهێنەرێکی کورد هەبێت لە خوێندنەوەی (ناڵەی جوادایی)دا تووشی داچڵەکانو دارمانو تووشی جۆرێك لە حاڵەتی وا نەبێت کە لەگەڵ قەسیدەی (ناڵەی جودایی)دا نەگرێت.
ساڵی 1977 بوو من بۆ یەکەم جار بە دیداری (هێمن)ی شاعیر شاد بووم لە ماڵی چیرۆکنووسی کورد (محەمەد مەولود مەم) ئەو کاتە من لە قۆناغی ئامادەیی بووم، (هێمن) ئەوەندەی جگەرە کێشا تا ئەو دۆشەكو چەرچەفەی بۆیان دانابوو هەر هەمووی شەبەقو کونی تێببوو، بێگومان هێمن کە دەهاتە هەولێر لە ماڵی (مەم) میوان دەبوو بەو سیفەتەی کە هەردووکیان هاوڕێی دێرینی یەکترنو ڕەبتێکی ڕۆحی گەورەتریشیان بەیەکەوە بەستیبیانەوە کە ئەمیش جزوری (مەم)ە کە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئەودیو، هێمن هەر تەنیا لە شیعردا باڵادەست نەبوو بەڵکو لە نووسینی پەخشانیشدا داهێنانێکی گەورەی کردووە. ئەو پەخشانانەی مامۆستا (هێمن)، ئێستاش بیخوێنینەوە دینامیکیەتو زیندەگی خۆیان لەدەست نەداوە ئەو پەخشانەی کە بەناوی (مەهاباد)ە باس لەوە دەکات کە ڕۆژگارێك (هێمن) بە کۆڵانێك ڕەت دەبێ ئافرەتێك بانگی کچەکەی خۆی دەکا بەناوی (مەهاباد) هێمن تووشی چ جۆرە خرۆشانێك دەبێو چۆن دادەنیشێتو دەگریو کۆماری (مەهاباد)ی ساوای خۆی بە بیر دێتەوە ئەو ڕۆژەی کە ڕووخێنراو (هێمن) دەربەدەر بوو.
ئیتر ئەوەیە بەشی داهێنەری کوردی دەبێ لە غەریبیو لە غوربەتدا بژیو (هێمن) لەسەر دڵی نەبووە کەسەر دوای ڕووخانی ڕژێمی شای گۆڕبەگۆڕ چوو گەڕایەوە گوندەکەی خۆی کە (شیلا ناوێ) بوو. ماوەیەکی زۆریش لە ئینتیشاراتی (سەلاحەددین ئەیوبی) کاری کرد، بەڵام بەداخەوە مەرگ بواری ئەوەی نەداو ئیتر ئەمە قیسمەتی ژینی مرۆڤەو ماوەیەك دەژیو کۆچ دەکا بەڵام توانی لە دڵی جەماوەری خۆیدا شوێنی خۆی بکاتەوە، بەڵگەشمان هەر هیچ نەبێ خەڵکە ئاساییەکەو نەوەیەکی زۆری پێگەیشتوو تازە بەناوی (هێمن) ناودێر کراوە.
ناوی (هێمن) بوو بە ناوێك کە زۆربەی خێزانی کورد بەوە سەربەرز بن کە منداڵەکانیان بەناوی شاعیرێکی گەورە ناودێر کراون.

---

# ئەو دنیایە نەخشێکی ناتەواوو خۆشییەکی سەرشێتانەیە
## چاوپێکەوتنێکی وەهمی لەگەڵ فریدریك نیچەدا

ئا/ نەبەز گۆران

**کاتێك بمانەوێ قسە لە بارەی فیکری فەیلەسوفێکەوە بکەین بەر لە هەموو شتێ دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو فەیلەسوفە لە چ شارستانییەتێکدا ژیاوە، چونکە ناکرێ بەبێ ناسینی ئەو شارستانییەتە لە بارەی ئەو فەیلەسوفەوە قسە بکەین، هەڵبەتە لێرەدا من هیچ قسەیەکم لە بارەی فیکری فریدریك نیچەوە نەکردووە. تەنها ئەوەندە نەبێ کە لە ڕێگەی سەرچاوەیەکەوە گفتوگۆیەکی وەهمیم لەگەڵدا سازکردووە.**
**دەبێ ئەوەش بزانین کە نیچە چەند ساڵێکە بە مانا جەستەیەکەی نەماوە، بەڵام بە یەکێك لەو فەیلەسوفە گەورانە ناو دەبرێ کە ئەمرۆ زۆرترین قسە لە بارەی فەلسەفەکەیەوە دەکرێت.**
**بۆ مەسەلەی ئەو چاوپێکەوتنەش سوودم لە کتێبی "وەهای گوت زەردەشت" بینیوە، لەوانەیە چاوپێکەوتنێکی لەم چەشنە جۆرێك بێت لەو فێڵانەی لە خوێنەر دەکرێت، بەڵام دڵنیام لەوەی فێڵێکم لە خودی نیچە نەکردووەو لەبەر ئەوەی هەمان ئەو قسانەی خۆیەتی کە بەر لە مردنی کردوویەتیو بە فۆرمێکی ترەوە دەیانخەمە بەر دەستی خوێنەر..**

- با لەوێوە دەست پێبکەین، کە فیکری تۆ، یان بڵێین فەلسەفەی تۆ چی پێیە بۆ خودی مرۆڤ، بە مانایەکی تر دەتەوێ چی بە "من"ی مرۆڤك بڵێیت؟
+ من بەرزە مرۆڤتان پێ دەناسێنم، مرۆڤ شتێکە کە دەبێ بە سەریدا زاڵ بی، بۆ زاڵبوون بە سەریدا چیتان کردووە؟ بونەوەران هەتاکو ئێستا شتێکی بەرزتر لە خۆیان ئەفراندووەو ئێوە دەتانەوێ تەنیا نیشتنەوەی ئەم لافاوە گەورەیە بنو لە جیاتی زاڵبوون بەسەر مرۆڤدا تەنانەت بگەڕێنەوە سەر گیانلەبەر؟
مەیمون بۆ مرۆڤ چییە؟ شتێکی گاڵتەجار یان شەرمەزارییەکی تاڵ، مرۆڤ لە ئاست بەرزە مرۆڤدا هەر ئاوا دەبێ، شتێکی گاڵتەجار یان شەرمەزارییەکی تاڵ.
ئێوە ڕێگایەکی کە لە کرمەوە هەتا دەگاتە مرۆڤ بڕیوتانەو هێشتا گەلێك شت لە ئێوەدا کرمانەیە.
ڕۆژگارێك مەیمون بوونو هێشتاش مرۆڤ لە هەر مەیمونێك مەیمونترە، بەڵام ئەوەی کە لە نێو ئێوەدا ژیرترین کەسە ئەویش جگە لە دووپارەییو نێرەمووکی، جگە لە تێکەلاوێك لە گیاو تاپۆ نییە بەڵام من پێتان دەڵێم کە تاپوبن یان گیا.
بەڕای من، بەرزە مرۆڤ مانای زەوییە، باویستی ئێوە بڵێ، خۆزگە بەرزە مرۆڤ مانای زەوی بێ، برایان ئێوە سوێند دەدەم کە بە زەوی ئەمەکدارینو باوەڕ بە وانە مەکەن کە لە لاتان باسی هیواکانی دنیای دیکە دەکەن، ئەوان ژەهر تێکەڵ کەرن چ خۆیان بزانن یان نەزانن، ئەوان لە ژین بێزارنو خۆیان ژەهر نۆشن بەرەو فەوتان، کە زەوی لێیان وەڕەزە. دەبا لەبەر چاوان ون بن، بە ڕاستی مرۆڤ لێلاوێکی لێخنە دەبێ دەریابێ هەتا لێلاوی لێخن لە خۆ بگرێ بەبێ ئەوەی چەپەڵ بێت، بڕوانن من بەرزە مرۆڤتان پێ دەناسێنم.
- بەڵام لە شوێنێکی تردا بێ ئومێد دەبی لە سەر بۆچوونەکانی پێشوت، ناکرێ ئومێدێك بخەیتە بەردەممان بۆ ئەوەی ئێمەی مرۆڤیش کاری لە سەر بکەین؟
+ خۆی مرۆڤ لە نێوان حەیوانو بەرزە مرۆڤدایە لە سەر بەرزایی هەڵدرێك، چونە پێشی مەترسییەکە بە سەرداچوونی مەترسیەك، بۆ دوا ڕوانینی مەترسیەك بەلادا هاتنو وەستانیش مەترسیەك.

نیچە

ئەوەی لە مرۆڤدا مەزنە ئەوەیە کە ئەو پردێکە ئامانج نییە، ئەوەی لە مرۆڤدا دەکرێ خۆشت بوێ ئەمەیە کە ئەو قۆناغێکەو لە ئاوابوونێك تەواو دەبێت.
خۆشم دەوێن ئەوانەی کە هەر بۆیە دەژین چونکە دەزانن ئاوا دەبن چونکە ئەوان بەسەر چوانن، خۆشم دەوێن بە سوك دانەرە گەورەکان چونکە ڕێز دانەرانی گەورەنو پەیمانەکانی تاسەن بەرەو بەستنێکی دی.
خۆشم دەوێ ئەوەی کە لە ڕۆحیدا دڵۆپێك بۆ خۆی ناهێڵێتەوە بەڵکەم دەیەوێ بە تەواوەتی ببێتە ڕۆحی ئاکار باشی خۆی.
بەم جۆرە وەك ڕۆح پێ دەنێتە سەرپرد.
خۆشم دەوێ ئەوەی کە داهاتووان بە هەق دادەنێو ڕابواردوان ڕزگار دەکا. چونکە دەیەوێ گیان لە سەر کاری ئێستایان بەخت بکا. خۆشم دەوێ ئەوەی کە خودای خۆی تەمێ دەکا. چونکە ئەویندار خودای خۆیەتی، کەواتە دەبێ بە غەزەی خوداکەی بفەوتێ.
- بەڵێ تێگەیشتم، بەڵام زەمەنێکی زۆر تەنیا بوویت، هەست ناکەی ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پێویست بە کەسێك هەیە بێتە ناو ژیانتەوە تاکو تۆش بتوانی کارەکانی خۆت بکەی؟
+ بەڵێ پێویستم بە هاودەم هەیە، هاودەمانی زیندوو- نەك هاودەمانی مردووو ئەو کەلاکانەی کە بۆ هەر کوێم بوێ بتوانم بیانبەم نا، پێویستم بە هاودەمانی زیندوو هەیە کە لایەنگری من بن، چونکە داخوازی لاگری لە خۆن-و بۆ لایەنێك دەچن کە من دەچم.
پرشنگێگ لە من دەرکەوتووە، لەبەر ئەوە هاتووم کە گەلێك لە (گەلە) دوورخەمەوە، خەڵكو (گەلە) لە من تورە دەبنو شوانەکان من بە دزدا دەنێن.
من دەڵێم شوان، بەڵام ئەوان خۆبەچاکانو دادخوازان دادەنێن من دەڵێم شوان، بەڵام ئەوان خۆ بە دیندارانی دینی هەق دادەنێن، بڕوانە دیندارانی گشتی دینەکان، لە کێ پتر بێزارن، لەوەی کە بایەخەکانیان تێك بشکێنێ، لە یاسا شکێن، کەچی ئەو ئافرێنەرە، من تێکەڵی ئافرێنەران، دروێنەران، شادخوازان دەبمو پەلکە زێرینەو پەیژەی بەرزە مرۆڤیان پیشان دەدەم، ئامانجی خۆم ڕەچاو دەکەمو ڕێگای خۆ ڕەپێش دەگرم، بە سەروچان گرانو تەوەزەلاندا باز دەدەم با هەنگاوی من ئاوابوونی ئەوان بێ.
- دێینە سەر ئەوەی مرۆڤ چی پێویستە بۆ ئەوەی وەك خۆت دەڵێی ببێتە "بەرزە مرۆڤ" ئەم قسەیەم بە مانا جەستەییەکەی نییە، مەبەستم ناوەوەی مرۆڤ واتە گیانی مرۆڤ؟
+ من سێ شێوە گۆرکەی گیانتان بۆ ناو دەبەم، چلۆن گیانی دەبێتە وشترو، وشتر شێرو لە ئاکام شێر منداڵ.
گیان گەلێك شتی قورسی هەیە، ئەو گیانە بەهێزە سێبورەی کە ڕێزگرتن تێیدا هێلانەی چاك کردووە، هێزەکەی ئاواتەخوازی قورسو قورسترین بارە.
گیان سەبور گشت ئەو شتە هەرە قورسانە لە کۆڵ دەنێو وەكو شترێك بار لێنراو کە بەغار دەچێتە سارا، بۆ لای سارای خۆی هەڵینگ دەدا ئەی چییە ئەو ئەژدیها مەزنەی کە گیان لەمە پتر نایەوێ ئەو بە سەرۆكو خودای خۆی دابنێ؟ ئەژدیهای مەزن ناوی "تۆ دەبێ"یە بەڵام گیانی شێر دەڵێ "من دەمەوێ".
ڕۆژگارێك ئەو وەك پیرۆزترین شت ئەویندار (تۆ دەبێ) بوو، بەڵام هەنوکە دەبێ لە پیرۆزترین شتیشدا گومانو خۆ بڕوایی بینی هەتا ئازادی لە چنگی ئەوینی خۆی بڕفێنێ، بۆ ئەم زمانە پێویستی بە شێرە.
بەڵام برایان بێژن، چیە ئەوەی کە منداڵ دەتوانێو شێر نایتوانی، بۆچی ئەو شێرە ڕفێنەرە دەبێ ببێتە منداڵ؟
منداڵ بێگوناهیو فەرامۆشییە، سەرەتایەکی نوێییە، یارییەکە، چەرخێکە خۆگەڕ، یەکەمین چۆڵە، ئا- گوتنێکی پیرۆزە.
برایان سێ شێوە گۆرکەی گیانم بۆ هەڵدان چلۆن گیان دەبێتە وشترو وشتر شێرو لە ئاکامدا شێر منداڵ.
- با جارێ نەچینە دەرەوەی مرۆڤ، مەبەستم جەستەیەتی، دەکرێ بزانین چ بۆچوونێك هەیە لە سەر ئەخلاق. هەرچەندە بەشێکی زۆری نوسینەکانت لە بارەی ئەخلاقە، بەڵام پێمان خۆشە لە زاری خۆتەوە کەمێك زیاتر لەو بارەیەوە بدوێی؟
+ هەڵبەتە کەم کەس ئەوە دەزانن، بەڵام بۆ باش خەوتن دەبێ گشت ئاکارە باشەکانت هەبێو ئایا شاهیدی بە درۆ بدەم.؟ ئایا زینا بکەم؟ ئایا تەماح لە کلفەتی هاوسا بکەم؟
ئەوانە هیچ کامیان لەگەڵ خەوی خۆش سازگار نین.. تەنانەت کەسێك کە ئاکارە باشەکانیشی بە تەواوەتی هەیە. دیسان دەبێ شتێك بزانی ئەویش دەخەو کردنی ئاکارە باشەکانە لە کاتی خۆیدا.
هەمیشە ئەو کەسەم پێ باشترین شوانە کەمێگەلەکەی بۆ باشترین مێرغوزاری زەنوێرو زەمەندەبا. چونکە ئەوە پەیوەندی لەگەڵ خەوی خۆش هەیە.
شانازی زۆرو پاشەکەوتی گەورەم ناوێن، چونکە گورجو برن. بەڵام بەبێ ناوێکی باشو پاشەکەوتێکی چوکەش ناکرێ ئاسوودە بخەوی، گیانی هەژارانیش لام خۆشەویستن ئەوان خەو زیاتر دەکەن، ئەوان بەختەوەرن، بە تایبەت ئەگەر هەمیشە هەقیان پێبدرێ، ڕۆژئاوا بەسەر ئاکار باشیدا تێدەپەڕێ.
ئێستاش لێم ڕوونە کە مرۆڤ ئەودەم کە بە شوێن ویژدانی ئاکار باشەوە بوو، پتر لە هەموو شتێك بە شوێن چیەوەبوو، بە شوێن خەوێکی خۆشو ئاکار باشی خاشخانەکانەوە، زانست لای هەموو ئەم زانا فێرکەرانە.. خەوتنی بێ خەوتن بوو، بۆ ژیان مانایەکی باشتریان نەدەناسی.
ئەمرۆکەش تاقمێك هەروەك ئەم وێژەرەی ئاکار باشینو هەمیشە ئاوا ڕاست وێژ نین، بەڵام ڕۆژگاریان بە سەر چووە ئیدی پتر لە وە بە پێوە نابن چونکە هەر ئێستا کە ڕاکشاون.
- بەرێز قسە لە سەر ئەوەیە گوایە تۆش وەك خەڵکی ئاخر زەمان ڕۆژێك گومانی خۆت بۆ ئەوپەڕی مرۆڤ نارد، یان بڵێین دەربڕی ئەمە چۆن بوو؟
+ ڕۆژێك دنیام وەها هاتە بەرچاو، ئەم دنیایەی هەمانە ناتەواوە، نەقشێکە لە دژایەتی کردنی هەرمان، نەقشێکی ناتەواو خۆشییەکی مەستانەیە بۆ ئافرێنەرە ناتەواوەکەی ئەو، ئاوا منیش وەك هەموو خەڵکی ئافرەت، جارێکیان گومانی خۆم ناردە ئەوپەڕی مرۆڤ ئایا..
بە ڕاستی ئەوپەڕی مرۆڤ؟ ئای برایان، ئەو خودایەی کە من ئەفراندم وەك هەموو خوداکان دەستکردی مرۆڤو شێتایەتی مرۆڤ بوو!!
باوەڕم پێبکەن، ئەوە لەش بوو کە لە زەوی نائومێد بوو، کاتێك بیستی کە زکی بوون لەگەڵ ئەو دەدوێ بەڵام دنیای دی زۆر لە مرۆڤ شاراوایە، ئەو دنیا نا مرۆڤانەی لە مرۆڤ بەری کە "هیچ"ێکی ئاسمانییەو زگی بوون لەگەڵ مرۆڤ جگە لە چەشنی مرۆڤ نادوێ بە ڕاستی سەلماندنی بوونی گشتی دژوارەو قسە هێنانیشی دژواتر..
سەرەرای ئەوەی شتە هەرە سەیرانە باشتر لە هەر شتێکی تر سەلمێنراون؟
- ئەی باشە ئەم گومانە چی بوو کردت، پێت وانیە کە نەخۆشەکان دەورێکی باشیان هەبێ لە بە سوك دانەرانی زەوی جا گەر وانیە بۆچی هێندە تورەی دەرهەق بە نەخۆشەکان؟
+ ئەم سپلانە پێیان وابوو کە هەنوکە لە لەشی خۆیانو لەم زەوییە جیابوونەتەوە بەڵام لەرزو خۆشی جیابوونەوەی خۆیان لە کێ دەزانن؟ بە لەشەکانی خۆیانو بەم زەوییە من لەگەڵ نەخۆشەکان لە سەر خۆم، بە ڕاستی لە شێوەی ئۆقرە گرتن لە سپڵەییان قەڵس نیم، خۆزگە بێنە نێو ڕیزی چاك بوانو زاڵ بوانو لەشێکی بەرزتر بۆ خۆیان بافرێنن!
خۆی لە نێو شاعیرانو خودا پەرستاندا هەمیشە خەڵکی نەخۆش زۆر بوون ئەوان ڕكو کینیان لە پیاوی زانا دەبێتەوەو هەروەها لە لاوترین ئاکار باشی کە ناوی ڕاستییە، ئەوان هەمیشە ئاوڕ لە ڕۆژگارە تاریکەکان دەدەنەوە، لەو ڕۆژگارانەی بە ڕاستی بێ بڕواییو بڕوا شتێکی دیکەبوو، تورەی ئەقڵو هاوتایەتی لەگەڵ خودا بوو گومان بە گوناحدا دەنرا، من ئەو شێوە خودایانە باش دەناسم، ئەوان دەیانەوێ خەڵك ئیمانیان پێیان هەبێو گومان گوناح بێو زۆرباش دەزانم کە ئەوان پتر لە هەموو شتێ ئیمانیان بەچییە، ئیمانیان بە لەش هەیەو لەشیان بۆ ئەوان هەر ئەو شتە نێو خۆیانەیە، بەڵام لەش بۆ ئەوان شتێکی نەخۆشانەیەو زۆریان پێخۆشە کە لە پێستی خۆیان بێنەدەر.
لەبەر ئەوەی گوێ دەدرێنە موعجیزەکەرانی مەرگو خۆیان ئاخیر موعجیزە دەکەن.
- لە بەشێ لە قسەکانت داپرانێکی زۆر دەبینم لە نێوان جەستەو ڕۆحدا، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی تێبگەین لەو تیۆرە زیاتر بۆمان بدوێ.
+ لەش عەقڵێکی مەزنە، زۆربەی یەکە لەگەڵ یەك هەست شەڕێكو ئاشتییەك گەلەیەكو شوانێك، کاکە عەقڵی بچوکت کە بە گیان ناوی دەبەی ئامرازی لەشی تۆیە ئامراز لە ویستوتێکی بچوك بۆ عەقڵی مەزن، دەڵێی -من-و شانازی بەو وشەیە دەکەیو بەڵام لەوە مەزنتر کە ناتەوێ باوەڕت پێی هەبێ لەشی تۆیەو ئەقڵە مەزنەکەی ئەو کە -من- ناڵێ. بەڵام من بەکاردەهێنێ، کاکە هەمیشە لە پشتەوەی بیرو هەستەکانت فەرماندەییەکی بە هێزو وەستاوە.
زانایەکی نە ناسیاو کە ناوی خۆیە، ئەو لە لەشی تۆدا دەژی. ئەو لەشی تۆیە، لە لەشتدا ئەقڵ لە باشترین زانایت پترەو کێ دەزانێ لەشی تۆ بە ڕاستی پێویستی بە باشترین زانایت هەیە؟
من قەت بەرێی بە سوك دانانی لەشدا ناڕۆم، چونکە ئێوە بۆ من ئەو پردانە نین کە بەرەو بەرزە مرۆڤم ببەن.

بۆل11